# پـرەنسیبەکانی کـۆمـۆنیزم[١]

**نووسینی: ئەنگلس** **وەرگێڕانی : نزار عبدالله**

**پرسیاری یەکەم: کۆمۆنیزم چیە؟**

وەڵام: کۆمۆنیزم زانستی هەلومەرجی ڕزگاری پرۆلیتاریایە.

**پرسیاری دووەم: پرۆلیتاریا چیە؟**

وەڵام: پرۆلیتاریا ئەو چینەیە لەچینەکانی کۆمەڵ کەژیانی تەنها لەرێگەی فرۆشتنی کاری خۆیەوە دابین دەکات، نەك لەقازانجی سەرمایەیەکەوە[٢]. ئەم چینە خۆشیو ناخۆشیەکانی، ژیانومردنی، هەموو بوونی خۆیو تاکەکەکانی، بەداواکاری کارەوە بەستراوەتەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کەبەقەیرانە یەك لەدوای یەكو ناو بەناوەکانی بازاڕو بوژانەوەییو بەهەڵبەزو دابەزە لەچار نەهاتووکانییەوە گرێدراوە.

پرۆلیتاریا یان بڵێین چینی کرێکار، لەیەك ووشەدا چینی ڕەنجدەرو زەحمەتکێشە لەسەدەی نۆزدەهەمدا.

**پرسیاری سێیەم: کەواتە پرۆلیتارەکان هەمیشە بوونیان هەبووە؟**

وەڵام: نەخێر، هەمیشە هەژارانو زەحمەتکێشان هەبوون، زۆربەی چینە زەحمەتکێشەکان بەگشتی هەژار بوون، بەڵام پرۆلیتارەکان واتە ئەو هەژارو کرێکارانەی کەلەو هەولومەرجەدا دەژین کەپێشتر باسمان کرد، هەمیشە بوونیان نەبووە، هەروەکو چۆن ململانێی ئازادو هەوسار پچڕاو هەمیشە لەئارادا نەبووە.

**پرسیاری چوارەم: پرۆلیتاریا چۆن پەیدا بوو؟**

وەڵام: پرۆلیتاریا لەئاکامی شۆڕشی پیشەسازیدا پەیدابوو. ئەو شۆڕشەی کە لەنیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا لەئنگلتەرە رووی‌داو دوای ئەوەش لەهەموو وولاتانی پێشکەوتووی تری دنیادا دووبارەبۆوە. ئەم شۆڕشە پیشەسازیە بەهۆی داهێنانی ئامێری هەڵمو ئامێرە میکانیکیە هەمەجۆرەکانی تری ڕستنو چنینو زنجیرەیەك ئامێری میکانیکی ترەوە سەری هەڵدا. ئەم ئامێرانە کەنرخەکانیان زۆر گرانبوو وەتەنها سەرمایەدارە گەورەکان دەیانتوانی ببن بەخاوەنی، گشت شێوەی بەرهەمهێنانی پێشووی سەرەو ژێرکرد.پیشەگەرەکانی پێشووی بەخێرایی تێك شکان چونکە ئەو ئامێرانە کاڵایەکی باشترو هەرزانتریان بەرهەم دەهێنا لەو کاڵایانەی کەئەوان بەئامێرە دواکەووتووە کۆنەکانی ڕستنو چنین بەرهەمیان دەهێنا.

ئەم ئامێرە داهێنراوانە هەموو پیشەسازی خستە ژێر ڕکێفی سەرمایەدارە گەورەکانەوەو مڵکایەتی پیشەییو بچوکی(ئامێرەکانی کارو هۆیەکانی ڕستنو چنینو... ) بێبایەخو بێ بەهاکرد بەجۆرێك کەئیتر سەرمایەداران بوون بەخاوەنی هەمو شتێكو کرێکارانیش هەموو شتێکیان لەدەستدا.سەرەتا سیستمی فابریکی لەپیشەسازی جلوبەرگدا بەکارهاتو دواتر بەخێرایی هەرلەگەڵ بەکارهێنانی ئامێردا ، گشت بەشەکانی تری پیشەسازی، بەتایبەتی چاپو گلکاریو مسگەری، گرتەوە. کار تا دەهات زیاتر بەسەر تاك تاکی کرێکاراندا دابەش دەکرا بەشێویەك کەئەو کرێکارەی لەرابردوودا هەر خۆی پارچەیەکی تەواوی دروست دەکرد، ئێستا ئیتر دەبوو تەنها تەواوکردنی بەشێکی بچوك لەو پارچەیەی لەئەستۆ بێت. ئەم کار دابەشکردنە هەم بەرهەمەکانی بەخێراییەکی زیاترەوە بەرهەم دەهێناو هەم نرخەکانی هەرزانتر دەکرد. بەم شێوەیە چالاکی کرێکار تائاستی جوڵانەوەیەکی میکانیکی زۆر سادە بەرتەسك بۆوەو پێویست بوو هەمیشە دووبارەش بکرێتەوە، جوڵانەوەیەك کەئامێرەکان دەیانتوانی بیکەنو بگرە باشتر دەیانتوانی ئەنجامی بدەن.هەر لەبەرئەوە هەمو بەشەکانی پیشەسازی یەك لەدوای یەك چوونە ژێر ڕکێفی هێزی هەڵمیو ئامێرەکانو پیشەسازی گەورەوە(فابریکی)،هەروەکو چۆن لەرستنو چنیندا ڕوویدا.بەڵام ئەمە، هاوکات، بەتەوای ئەو پیشەسازییەی خستە ژێر کۆنترۆڵی سەرمایەدارە گەورەکانەوەو هیچ سەربەخۆییەکی بۆ کرێکاران، ئەگەر پاشماوەیەکی مابووبێ، نەهێشتەوە. پیشەسازی پیشەگەری هەروەها مانیفاکتۆرەش زیاترو زیاتر چووە ژێر ڕکێفی پیشەسازی گەورەوەو سەرمایەدارە گەورەکان لەم مەیدانەشدا، لەرێگەی دامەزراندنی کارگە گەورەکانەوە کەخەرجییەکی کەمتری دەویستو دەرفەتی بۆ کاردابەشکردن دەرەخساند، هەرچی زیاترو هەنگا بەهەنگاو وەستا بچوکەکانیان لەمەیدان دەرکرد. ئەمە ئەمەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە کەبۆچی نزیك بەهەموو لقەکانی کار لەوولاتە پێشکەوتووەکاندا چووە ژێر ڕکێفی پیشەسازی گەورەوە.بۆچی پیشەسازی گەورە بەرهەمهێنانی پیشەییو بەرهەمهێنانی مانیفاکتۆرەی لەهەموو لقەکانی کارکردندا خستەلاوە.وە هەرئەمە بووە هۆی مالۆێرانی چینی مامناوەندی پێشوو، بەتایبەتی خاوەن وەرشە بچوکەکانو پیکهاتنی دوو چینی نوێ کەووردە ووردە هەموو چینەکانی تری قووت داو هەڵی لووشی، ئەو دوو چینەش ئەمانەن:

١. چینـی سـەرمایەدارە گـەورەکان لەهـەموو وولاتـە پێشـکەوتووەکاندا ،کـەکۆنترۆڵی خـاوەنداریێتی هۆیـەکانی ژیـانو گشـت کەرەسـە سەرەتاییەکانو ئامرازە پێویستەکان(ئامێرەکانو کارخانەکان) بۆ بەرهەمهێنانی هۆیەکانی ژیـان کـردووە. ئەمـە چینـی برۆژواکـان یـان چینـی بۆرژوازیـیە.

٢ ـ چینە نەدارەکان کەخاوەنی هیچ شتێك نینو ناچارن بۆ دابینکردنی هۆیەکانی ژیانو مانەوەیان کاری خۆیان بەبۆرژوازی بفرۆشن. ئەمە چینی پرۆلیتارەکان یان چینی پرۆلیتاریایە.

**پرسیاری پێنجەم: لەچ هەلومەرجێکدا ئەم کارەی کرێکار بەبۆرژوازی دەفرۆشرێ؟**

وەڵام: کار کالآیەکە وەکو هەر کالآیەکیتر، نرخەکەی بەپێی هەمان ئەو یاسایانەی کەنرخی کالآکان دیاری دەکات، دیاری دەکرێ. لەسایەی زاڵبوونی پیشەسازی گەورەدا یاخود ململانێی ئازاددا( کەهەمان شـت دەگەیـەنێ وەکـو دواتـر دەبینـین)هەمیشـە نرخـی هـەر کالآیـەك یەکسـانە بەخـەرجی مامنـاوەندی بەرهەمهێنانەکەی، کەواتـە نـرخی کـار یەکسـانە بەخـەرجی بەرهەمـهێنانی کـار. بـەڵام خـەرجی بەرهەمـهێنانی کـار بەدیاریکراوی ئەو برەیە لەهۆیەکانی ژیان کەپێویستە بۆ بەردەوامبوونی کاری کرێکارانو بەرگرتن بە لەنێووچوونی چینی کرێکار. بـەم پێیـە کرێکار لەبەرامبەر کارەکەیدا ئەوەندە وەردەگرێ کەبۆ ئەنجامدانی کارەکەی پێویستی پێی هەیە. نرخی کار، یـاخود کـرێ، بـەم پێیـە، دەکاتـە ئەو لانی کەمە پێویستەی کەمانـەوەی ژیـانی کرێکـار مسۆگەر دەکات. بـەڵام لەبەرئـەوەی هەلومـەرجی بـازاڕ بـەباشو خـراپ دەگـۆڕێ، کـرێی کرێکاریش یان زیاد دەکات یاخود کەم دەبێتەوە، هەروەکو چۆن خاوەن کارخانەیەك بەرامبەر بەکالآکەی لەبازاڕدا نرخێکی کەمتر یاخود زیـاتر وەردەگرێ. هەروەکو چۆن خاوەن کارخانەیەك لەهەلومەرجی باشو خراپدا ئەوەی لەبەرامبـەر کالآکـەیدا وەریدەگـرێ لەخـەرجی مامنـاوەندی بەرهەمهێنانەکەی نەکەمترو نەزیاترە، بەهەمان شێوە کرێکار ناتوانێت ـ بەتێکڕایی ـ کەمترو زیاتر لەو لانی کەمـە وەربگـرێ. بـەو ئەندازەیـەی کەپیشەسازی گـەورە بـەگوڕێکی زیـاترەوە هـەموو لقـەکانی کـار دەخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە ئـەم یاسـا ئابووریـیـەی کـرێ باشـترو توندتـر دەچەسپێنێ.

**پرسیاری شەشەم: بەر لەشۆڕشی پیشەسازی ئەو چینە زەحمەتکێشانەی بوونیان هەبوو کامانەبوون؟**

وەڵام: چینـە زەحمەتکێشـەکان، بـەپێی قۆناغـەکانی گەشـەکردنی کۆمـەڵ، لەهەلومـەرجی جیـاوازدا ژیـاون. جێگاورێگـای جیاوازیشـیان بەرامبـەر چینـەداراو بەدەسـەڵاتەکان داگیرکردووە. لەسـەردەمە کۆنـەکاندا زەحمەتکێشـان کۆیلـەی[٣] چینـەداراکان بـوون، کـەتاکو ئێسـتا ئەمـە لەزۆربەی وولآتانی دواکـەوتوودا درێـژەی هەیـە تەنانـەت لەبەشـی باشـووری ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکادا[٤]. وە لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتدا **کۆیلـەی زەوی**[٤] (serf ) ئەرسـتۆکراتە خـاوەن زەویـەکان بـوون هـەروەکو ئێسـتای هـەنگاریاو پۆلۆنیـاو رووسـیا. لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتەوە تـاکو شۆڕشی پیشەسازی، جگە لەمانە، لەشارەکاندا پیشەگەرو شاگرد هەبوو کەلە خزمەتی وەستا کـاری ووردەبـۆرژوادا کاریـان دەکـرد، وردە ووردەش لەگەڵ گەشەی مانیفاکتۆرەدا کرێکاری مانیفاکتۆرە دروست بوو کەسەرمایەدارە گەورەکان کاریان پێدەکردن.

**پرسیاری حەوتەم: جیاوازی نێوان پرۆلیتارو کۆیلە چییە؟**

وەڵام: کۆیلە تاکۆتایی ژیانی تەنها یەکجار دەفرۆشرێ، بەڵام پرۆلیتار دەبێ هەموو رۆژێك خۆی بفرۆشێ، وەتەنانەت هەموو سەعاتێك.

هەر کۆیلەیەك موڵکی تەنها کەسێکە ، مسۆگەربوونی ژیانیشی ـ هەرچەند کولەمـەرگیش بێـت ـ پابـەندە بەبـەرژەوەندی خاوەنەکەیـەوە. بەڵام پرۆلیتارێك دەکرێ بووترێ کەموڵکی هەموو **چینی** بۆرژوازییەو ئەو کاتەش کارەکەی لێ دەکڕن کەپێویستیان پێی هەبێ. کەواتـە ژیـانی ئەو مسۆگەر نـییە، مسۆگەر بوونی ژیان تەنها بۆ تێکڕای **چینی** کرێکار لەئارادایە.

کۆیلـە لـەدەرەوەی بـازاڕی ململانێدایـە، بـەڵام پرۆلیتـار نوقمـی ململانێیـەو بەدەسـت هـەموو هەڵبـەزو دابەزەکانیـیـەوە دەناڵێنـێ. کۆیلـە ئـەندامێکی کۆمـەڵگای مـەدەنی نیـیەو وەکـو کەلوپـەلێك سـەیر دەکـرێ. بـەڵام پرۆلیتـار وەکـو کەسـێك، وەکـو ئـەندامێکی کۆمـەڵگای مـەدەنی بەرەسمی ناسراوە. کەاتە کۆیلە دەتوانێت ژیانێکی باشتری لە پرۆلیتار هەبێ، بەڵام پرۆلیتاریا لەقۆناغێکی باڵاتری گەشەکردنی کۆمەڵدایەو بەم شـێوەیە لەئاسـتێکی بـەرزتر لەئاسـتی کۆیلەدایـە. کۆیلـە تەنـها بەهەڵوەشـانەوەی پـەیوەندی کۆیلایـەتی وەکـو هـەموو پەیوەندیـیـەکانی تـری موڵکایەتی تایبەتی، ئازاد دەبێ. بـەڵام دوای ئـەوە دەبێـت بـەپرۆلیتار ، بـەڵام پرۆلیتاریـا تەنـها ئـەو کاتـە ئـازاد دەبـێ کـەخاوەنداریێتی تایبـەتی هەڵوەشێتەوە.

**پرسیاری هەشتەم: پرۆلیتاریا لەچ شتێکدا لەکۆیلەی زەوی جیایە؟**

وەڵام : کۆیلەی زەوی ئامرازێکی بەرهەمهێنانی لەئەستۆدایە( پارچەیەك زەوی) کەدەتوانێتو مافی ئەوەی هەیە بـەکاری بـهێنێ لـەبری دانـی بەشێك لەبەرهەمەکانی یاخود لەبەرامبەر ئەنجامدانی هەندێك کاری دیاریکراودا. بەڵام پرۆلیتاریا بەو ئامرازانەی بەرهەمـهێنان کاردەکات کـە هی کەسانێکیترەو بۆ بەرژەوەندی ئەوان بەکاریان دەهێنێ لەبەرامبەر وەرگرتنی بەشێك لەداهاتـەکاندا. کۆیلـەی زەوی دەدات، بـەڵام پرۆلیتاریـا وەردەگرێ. کۆیلـەی زەوی ژیـانی مسۆگەرە، بـەڵام پرۆلیتاریـا بەپێچەوانـەوە. کۆیلـەی زەوی لـەدەرەوەی ململانێدایـەو پرۆلیتاریـا لەنێویدایــە.

کۆیلەی زەوی ئازاد دەبێ کاتێك بەرەو شار هەڵدێو دەبێت بەپیشەوەرێك، یاخود ئەو کاتەی لەبری کارو بەرهەمەکەیدا پارەدەدات بەخاوەنەکەیو دەبێت بەکرێچیەکی ئازاد، یان ئەوکاتەی گەورەو دەرەبەگەکەی دەردەکاتو دەبێت بەخاوەن موڵك. بەکورتی کۆیلەی زەوی ئازادا دەبێ ئەو کاتەی، بەشێوەیەك لەشێوەکان، دەچێتە ریزی چینەداراکانو دەچێتە ناو ململانێوە. بەڵام ئازادی پرۆلیتاریا لەوەدایە کەملکایەتی تایبەتیو ململانێی ئازادو هەموو جیاوازییە چینایەتییەکان لەنێوبەرێت.

## پرسیاری نۆیەم: پرۆلیتاریا چۆن لەپیشەگەر جیادەکرێتەوە؟ [٦]

وەڵام: ........................

## پرسیاری دەیەم: جیاوازی پرۆلیتاریا لەگەڵ کرێکارانی مانیفاکتۆرەدا چیە؟

وەڵام: لەسەدەی شانزەهەمەوە تاکو سەدەی هەژدەهەم، کرێکاری مانیفاکتۆرە هێشتا لەهەموو جێگایەکدا خاوەنی ئامرازێکی بەرهەمهێنان بوو، دەزگایەکی چنین، یان چەرخێکی رستن لەخێزانەکەیدا، یاخود کێڵگەیەکی بچوکی هەبوو کەلەکاتی دەست بەتاڵیدا کاری کشتوکاڵی لەسەر دەکرد. لەکاتێکدا پرۆلیتاریا هیچ یەکێك لەمانەی نییە. بەزۆری کرێکاری مانیفاکتۆرە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەلادێکاندا دەژیا، پەیوەندی بەخاوەنو گەورەکەیەوە، یاخود بەخاوەنکارەکەیەوە، کەم تازۆر پەیوەندییەکی بەتریکیو باوکانەبوو. لەکاتێکدا پرۆلیتاریا بەزۆری لەشارە گەورەکاندا دەژیو پەیوەندی ئەو بەخاوەنکارەوە بەتەواوی پەیوەندییەکی داراییانەیە(پووڵییە).

پیشەسازی گەورە کرێکاری مانیفاکتۆرە لەپەیوەندییە باوکانەو بەتریکییەکان دەردەکێشێو لەخاوەنداریێتییە بچوکەکەی کەتاکو ئێستا بەدەستییەوە ماوە بێبەشی دەکات، وەبەم جۆرە دەیکات بەپرۆلیتار.

## پرسیاری یازدەهەم: ئاکامە راستەوخۆکانی شۆڕشی پیشەسازیو دابەش بوونی کۆمەڵگا بەسەر بۆرژوازیو پرۆلیتاردا چیە؟

وەڵام: یەکەم/ بەهۆی بەکارهێنانی ئامێرەکانو دابەزینی بەردەوامی نرخی بەرهەمە پیشەسازییەکان لەهەموو وولاتاندا، سیستمی مانیفاکتۆرەی کۆن یاخود ئەو پیشەسازییەی کەپشتی بەکاری دەستی بەستبوو، بەتەواویو بەکاملی تێکشکا. هەموو ئەو وولاتە نیوە وەحشیانەی کەتاکو ئێستا بەشێوەی جیاواز لەگەشەکردنی مێژوویی دابڕابوونو پیشەسازییەکانیان لەسەر بناغەی سیستمی مانیفاکتۆرەبوو، لەگۆشەگیری دەرکێشران. ئەم وڵاتانە کاڵا هەرزانەکانی ئینگلیزیان کڕیو کرێکارانی مانیفاکتۆرەکانی خۆیان رووبەڕووی لەنێوچوون بوونەوە. بەم جۆرە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی لەئەو وولاتانەدا پێکهێنا کەبۆ ماوەی هەزاران ساڵ پێشکەوتنیان بەخۆوە نەدیبوو. لەنمونەی هندستان، تەنانەت چینیش ئێستا خەریکە ئەو شۆڕشە دەیگرێتەوە. ئێستا ئیتر داهێنانی ئامێرێکی نوێ لەئنگلتەرەدا رەنگە ملێۆنەها کرێکاری چینی بۆ ماوەی چەند ساڵێك نانبڕاو بکات. بەم جۆرە پیشەسازی گەورە هەموو گەلانی دنیای پێکەوە گرێدایەوە، هەموو بازاڕە ناوخۆییە بچوکەکانی کرد بەیەك بازاڕی جیهانی، لەهەموو گۆی زەویدا زەمینەی بۆ گەشەکردنو مەدەنیەت رەخساندووە، بووەتە هۆی ئەوەی هەر ئاڵوگۆڕێك لەوولاتانی مەدەنیدا رووبدات بەناچاریو راستەوخۆ کاریگەری بەسەر هەموو وولاتانی ترەوە بەجێبهێڵێ، بەشێوەیەك کە ئەگەر ئێستا کرێکاران لێرە لەئنگلتەرە یاخود لەفەرەنسادا رزگاریان ببێ، ئەمە بەناچار لەهەموو وولاتانیتردا، درەنگ یا زوو، شۆڕشیتر بەشوێن خۆیدا دەهێنێ کەئەویش دەبێتە هۆی رزگاربوونی کرێکاران.

دووهەم: شۆڕشی پیشەسازی لەهەر شوێنێکدا کەپیشەسازی گەورە جێگای بەرهەمهێنانی مانیفاکتۆرەی گرتبێتەوە، بەشێوەیەکی کەم وێنە گەشەی داوە بەبۆرژوازیو سەروەتو دەسەڵاتەکەیو کردوویەتی بەیەکەم چینی کۆمەڵگا. لەهەر شوێنێك ئەمە رووی‌دا بێت، بۆرژوازی دەستی بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا گرتووەو ئەو چینانەی وەلاناوە کە تائەو کاتە فەرمانڕەوابوون: واتە ئەرستۆکراتەکان، سەرۆکەکانی کۆمەڵەی پیشەگەرەکان، وپاشایەتی رەها کەنوێنەرایەتیان کردوون. بۆرژوازی توانای ئەرستۆکراسیو خانەدانەکانی لەرێگەی هەڵوەشاندنەوەی میراتی دەرەبەگانەوە لەملکایەتیدا (واتە ئەو ملکایەتییەی کەقابیلی فرۆشتن نییە) وگشت ئیمتیازەکانی تری دەرەبەگایەتییەوە رامالی، دەسەڵاتە بێئەندازەو نەپساوەکانی کۆمەڵەی پیشەگەرەکانی لەرێگەی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی پیشەگەرەکانو ئیمتیازەکانیانەوە هەپروون بەهەپروون کردو ململانێی ئازادی خستە جێگایان، واتە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی وای پێك هێنا کەهەر کەسێك ئەو چالاکییە ئابوورییەی ئارەزووی دەکا دەتوانێت ئەوە ئەنجام بدات، هیچ شتێك نییە رێگە لەو چالاکیە بگرێ جگە لەنەبوونی سەرمایەی پێویست. کەواتە هێنانە ناوەوەی ململانێی ئازاد، بانگەشەیەکی ئاشکرای پێوانەی تازەیە بۆ یەکسانی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵدا. ئەوان لەئێستە بەدواوە تەنها بەو رادەیە نایەکسانن کەبڕی سەرمایەکانیان نایەکسان بێت. هێزی یەکلاکەرەوە ئیتر سەرمایەیە. سەرمایەدارانو بۆرژواکان بوون بەیەکەم چینی کۆمەڵ. بەڵام ململانێی ئازاد چارهەڵنەگرە بۆ بەرەو پێش چوونی پیشەسازی گەورەو تەنها هەلومەرجی کۆمەڵایەتی لەبارە بۆ گەشەو پێشکەوتنی بەردەوامی.

ئەوکاتەی کەبۆرژوازی بەسەر توانای کۆمەڵایەتی خانەدانەکانو کۆمەڵەی پیشەکاندا زاڵدەبێ، دەسەڵاتی سیاسیشیان لێ زەووت دەکا، کاتێك دەبێ بەیەکەم چینی کۆمەڵ لەرووی ئابوورییەوە، خۆیشی دەکات بەیەکەم چینی کۆمەڵ لەباری سیاسییەوە. ئەو بەو مەرامەی خۆی دەگات

کاتێك سیستمی نوێنەرایەتی کەلەسەر بنەمای یەکسانی بۆرژوایی لەبەرامبەر یاساداو دانپێدانانی شەرعی بەململانێی ئازاددا راوەستاوە، دەهێنێتە ناوەوە، ئەو سیستمەی کە لەوولاتانی ئەوورووپادا بوو بەشکڵی پاشایەتی دەستووری. لەم پاشایەتیەیە دەستوورییانەدا مافی دەنگدان تەنها بۆ ئەو کەسانە هەیە کەخاوەن سەرمایەیەکن واتە تەنها بۆ بۆرژواکان. دەنگدەرانی بۆرژوازی نوێنەرانی بۆرژوایی هەڵدەبژێرن، ئەمانیش، بەپێی مافی خۆیان بۆ رەتکردنەوەی باج، حکومەتێکی بۆرژوایی هەڵدەبژێرن.

سێیەم: شۆڕشی پیشەسازی بەقەدەر گەشەی بۆرژوازی، لەهەموو جێگایەکدا بووە هۆی گەشەکردنی پرۆلیتاریا. بەو ئەندازەیەی سامانی بۆرژوازی زیادی دەکرد، بەهەمان ئەندازە ژمارەی پرۆلیتارەکانیش زیاتر دەبوو. بەو هۆیەوە کەپرۆلیتارەکان تەنها لەلایەن سەرمایەوە دەبێ کاریان پێبسپێردرێ‌و سەرمایەش تەنها بەبەکارهێنانی کرێکار گەشەدەکات، لەبەرئەوە پرۆلیتاریا بەهەمان رەوانی زیاتربوونی سەرمایە زیاد دەبێ.

هەروەها شۆڕشی پیشەسازی بۆرژواکان‌و پرۆلیتارەکانی لەشارەگەورەکاندا، کەباشترین هەلومەرج بۆ پیشەسازی دەرەخسێنێ، کۆدەکاتەوە، پرۆلیتاریا، بەهۆی کۆبوونەوەی جەماوەرێکی بەرین لەشوێنێکدا بەهێزی خۆی هۆشیار دەکاتەوە. سەرەڕای ئەمانە تاگەشەی شۆڕشی پیشەسازی زیاتربێ، وەتا ئامێری نوێ کەکاری دەستی وەلادەنێت زیاتر دابهێنرێ، هەرچی زیاتر ئاراستەی شۆڕشی پیشەسازی ـ وەکو پێشتر وتمان ـ کرێ بۆ کەمترین رادەی خۆی کەم دەکاتەوەو گوزەرانی پرۆلیتاریا نابووت تر دەکات. بەم جۆرە شۆڕشی پیشەسازی بەهۆی ئەوەی کە لەلایەکەوە هێزی پرۆلیتاریا پەرەپێدەدات‌و لەلایەکی ترەوە تەوژم دەدات بەناڕەزایەتیەکانی، زەمینە بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەرابەرایەتی پرۆلیتاریا ئامادە دەکات.

پرسیاری دوازدەهەم: شۆڕشی پیشەسازی چ ئاکامێکی تری هەبوو؟

وەڵام: بەهۆی بەکارهێنانی ئامێری هەڵمی‌و ئامێرەکانی ترەوە، پیشەسازی گەورە ئەو هۆیانەی دۆزیەوە کە بەرهەم هێنان تارادەیەکی بێسنوور، لەماوەیەکی کەمداو بەنرخێکی هەرزان، زیاد دەکات. ئەم بەرهەم هێنانە ئاسانە، زۆر بەخێرایی بووە هۆی توندوتیژ بوونەوەی ئەو مل ملانێ ئازادەی کەپیشەسازی گەورە لەگەڵ خۆی هێنا بووی. ژمارەیەکی زۆر لەسەرمایەداران روویان کردە مەیدانی پیشەسازی بەرادەیەك کەکاڵای زیاد لەپێویست هاتە بەرهەم. سەرەنجام کاڵا بەرهەم هاتووەکان کەس نەبوو بیان کڕێ‌و ئەوەی بە دوادا هات کە بەقەیرانی بازرگانی ناو دەبرێ.

کارخانەکان ناچاربوون لەکاربکەون، خاوەن کارخانەکان ئیفلاس بوونی خۆیان ڕاگەیاند، فەرمانی برسی کردنی کرێکارن دەرچوو، لەهەموو جێگایەکدا هەژاری‌و نابووتی تەشەنەی کرد. دوای ماوەیەك، هەرکە زێدە بەرهەم فرۆشرا، کارخانەکان دووبارە دەستیان کردەوە بەکارو کرێی کرێکاران زیادی کرد، بەرەبەرە کارە بازرگانییەکان بەشێوەیەکی کەم وێنە بەرەو پێش چوون، بەڵام زۆری نەخایاند. جارێکیتر زیاد لەپێویستییەکان بەرهەم هات، قەیرانێکی نوێ، هەر وەکو ئەوەی پێشوو، سەری هەڵدا.

بەم جۆرە پیشەسازی هەر لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە لەدەورەیەکدا ڕەونەق‌و لەدەورەیەکی تردا قەیرانی بەخۆوە بینیوە. هەر چوار یان حەوت ساڵ جارێك. بەبەردەوامی، ئەم قەیرانە سەری هەڵداوەتەوەو بووە بە مایەی هەژاری‌و نابووتی تەواوی کرێکاران‌و تێکدانێکی شۆڕشگێڕانەی گشتی‌و مەترسیەکی تەواو بۆسەر هەموو بارو دۆخەکە.

پرسیاری سیازدەهەم: ئاکامەکانی ئەم قەیرانە بازرگانییە یەك لەدوایەك‌و بەردەوامانە چیبوو؟

وەڵام / یەکەم: پیشەسازی گەورە ئەگەرچی لەسەرەتای قۆناغی گەشەکردنی خۆیدا مل ملانێی ئازادی بەدی هێنا، ئێستا ئیتر لەگەڵ ئەو مل ملانێ ئازادەدا ناگونجێ.

ململانێ، بەشێوەیەکی گشتی، وەهەروەها ئەنجامدانی بەرهەم هێنانی پیشەسازی لەلایەن تاکە کەسی لێك دابڕاوەوە، ئیتر بوون بەکۆسپێك لەبەردەم پیشەسازی گەورەدا کەدەبێ وەلای بنێ‌و وەلایشی دەنێت.

پیشەسازی تا ئەوکاتەی لەسەر ئەم پایەیەی ئێستای خۆی بەرێوەببرێ، بەناچار هەموو پێنج ساڵ یان حەوت جارێك ئاژاوەیەکی گەورەی لێدەکەوێتەوە، ئاژاوەیەك کەهەموو جارێك هەڕەشە دەکات لە گشت مەدەنیەت‌و هەر بەوەندەشەوە ناوەستێ کە کرێکاران نابووت بکات، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری بۆرژواکانیش تێك دەشکێنێ.

بەم پێیە پیشەسازی گەورە یان دەبێ خۆی لەنێو بچێ، کەئەمەیان مەحاڵە، یان بەناچاری مەسەلەی ڕێکخستنی کۆمەڵ لەشێوەیەکی تازەو نوێ دەخاتە روو، بەجۆرێك کەچیتر بەرهەم هێنانی پیشەسازی لەدەستی کۆمەڵێك سەرمایەداردا کە لەنێو خۆیاندا مل ملانێ دەکەن نەمێنێتەوەو بدرێت بەگشت کۆمەڵگا تاکو بەپێی نەخشەیەکی دیاریکراو، بەپێی پێویستییەکانی هەمووان بەڕێوەی بەرێت.

دووەم: پیشەسازی گەورەو فراوان بوونەوەی بێکۆتایی بەرهەم هێنان کۆمەڵی بەئاستێك گەیاندووە کە دەتوانێت هۆیەکانی ژیان بەئەندازەیەك بەرهەم بهێنێ کەهەر یەك لەئەندامەکانی بەئازادیەکی تەواوە دەتوانێ توانایی‌و لێهاتوویەکانی خۆی بخاتە گەڕو گەشەی پێبدات.

ئەم خەصڵەتەی پیشەسازی گەورە کەلەم کۆمەڵگایەی ئێستادا بووە بەسەرچاوەی هەژاری‌و قەیرانە بازرگانیەکان، هەر ئەم خەصڵەتەیە کە لەرێکخستنێکی کۆمەڵایەتی تردا ئەو هەژاری‌و نابووتی‌و هەڵبەزو دابەزانەی مەینەتی بەشوێن خۆیاندا دەهێنن، کۆتایی پێدەهێنێ.

ئەمانە بەڕۆشنی ئەو دەسەلمێنێ کە:

١ ـ ئەم رژێمە کۆمەڵایەتیە وەڵام دەرەوەی ئەم هەل‌ومەرجە نیەو لەمەودوا هەر خۆی سەرچاوەو بەرپرسی یەکەمی هەموو دەردو مەینەتیەکانە.

٢ ـ لەناوبردنی یەکجارەکی هەموو ئەو دەردو مەینەتیانە لەرێگەی دامەزراندنی رژێمێکی کۆمەڵایەتی نوێوە زەمینەو هۆیەکانی ئامادەیە.

**پرسیاری چواردەهەم: سروشتی ئەم رژێمە کۆمەڵایەتیە تازەیە دەبێ چۆن بێ ؟**

وەڵام/ بەر لەهەموو شتێك دەبێ بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی بەرهەم هێنانی پیشەسازی‌و هەموو بەشەکانی تری بەرهەم هێنان لەچنگ ئەو تاکە کەسانەی کەکۆنترۆڵیان کردووەو خەریکی مل ملانێن، دەربهێنرێ‌و بسپێردرێت بەکۆمەڵ تاکو بەپێی نەخشەیەکی هاوبەش‌و بەبەشداری هەمووان بەڕێوەی بەرێت. وەبەم جۆرە مل ملانێ لەنێو بەرێ‌و هاوکاری جێگای بگرێتەوە.

بەڵام لەبەرئەوەی کە بەڕێوەبردنی پیشەسازی لەلایەن تاکەکەسەکانەوە، پێویستی بوونی ملکایەتی تایبەتی دەسەپێنێ، وەمل ملانێ هیچ نیە جگە لەشێوەو رێبازی خاوەن ملکە تاکە کەسەکان لەبەڕێوەبردنی پیشەسازیدا، وە ملکایەتی تایبەتی ناکرێ نەلەبەڕێوەبردنی فەردیانەی پیشەسازی‌و نەلەمل ملانێ جیابکرێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە ملکایەتی تایبەتی لەنێو ببرێ‌و بەکارهێنانی هاوبەشانەی گشت هۆیەکانی بەرهەم هێنان بخرێتە جێگای ئەو، وەهەموو بەرهەمەکان بەرێککەوتنی هاوبەش دابەش بکرێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو خێرەکان لەپێناوی هەمووواندا بێ ـ لەنێوبردنی ملکایەتی تایبەتی، کورتترین دەربڕینێکە کەبەشێوەیەکی زۆر ڕۆشن پرۆسەی گۆڕینی رژێمی کۆمەڵایەتی ئێستا، کەگەشەکردنی پیشەسازی سەپاندوویەتی، بەیان دەکات ـ هەر لەبەر ئەمە، بەحەق، سەرەکیترین داخوازی کۆمۆنیستەکانە.

**پرسیاری پازدەهەم: ئایام نەدەکرا ملکایەتی تایبەتی لەڕابردوودا لەنێو ببرێ ؟**

وەڵام: نەخێر. هەر گۆڕانێك لەرژێمی کۆمەڵایەتی‌داو هەموو ئاڵوگۆڕێك لەپەیوەندیەکانی ملکایەتی‌دا، لەبناغەدا ئاکامی سەرهەڵدانی هێزی بەرهەم هێنەری نوێیە کەلەگەڵ پەیوەندیەکانی ملکایەتی کۆندا پێکەوە ناگونجێت.

هەربەم جۆرە خودی ملکایەتی تایبەتی سەری هەڵدا. ملکایەتی تایبەتی هەمیشە بوونی نەبووە، کاتێك لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا شێوەیەکی بەرهەم هێنانی نوێ لەگەڵ مانیفاکتۆرەدا سەریهەڵدا کەلەگەڵ ملکایەتی دەرەبەگی‌و کۆمەڵی پیشەگەرەکاندا نەدەگونجاو، کاتێك بەرهەم هێنانی مانیفاکتۆری ئیتر لەگەڵ پەیوەندیەکانی ملکایەتی کۆندا ناتەبا بوو، ئەوکات شێوەیەکی نوێی ملکایەتی سەری هەڵدا کەئەویش ملکایەتی تایبەتی بوو.

لەڕاستیدا بۆ مانیفاکتۆرەو قۆناغی یەکەم لەقۆناغەکانی گەشەکردنی پیشەسازی گەورە، هیچ جۆرە ملکایەتیەك جگە لەملکایەتی تایبەتی، وەهیچ رژێمێکی کۆمەڵایەتی جگە لەو رژێمەی کە بناغەکەی ملکایەتی تایبەتی بێ، مومکن نەبوو، تائەو کاتەی ناکرێ بەو ئەندازەیە بەروبوومی ماددی بەرهەم بهێنرێ کەنەك هەر بەشی پێویستیەکانی هەمووان بکات، بەڵکو زێدە بەرهەمیش بهێڵێتەوە کەسەرمایەی کۆمەڵایەتی پێ زیاد ببێ‌و هێزەکانی بەرهەم هێنان گەشەی پێبکەن، تائەوکاتە هەردەبێ چینێکی دەسەڵاتدار کەکۆنترۆڵی هێزەکانی بەرهەم هێنانی کۆمەڵی کردبێ‌و چینێکی نەدارو زەحمەتکێش، بوونی هەبێ.

پەیدابوونی ئەم دوو چینەو خەصڵەتەکانی پابەندی ئاستی گەشەکردنی بەرهەم هێنانە، بەم شێوەیە کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاست کەپشتی بەکاری کشتوکاڵی بەستبوو، دەرەبەگ‌و کۆیلەی زەوی هێنایە بوون، شارەکانی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست کۆمەڵەی پیشەگەرەکان‌و کرێکارانی ڕۆژانەکاری لەگەڵ خۆی هێناو سەدەی هەڤدەیەمیش خاوەن مانیفاکتۆرەکان‌و کرێکاران‌و سەدەی نۆزدەهەم سەرمایەدارانی گەورەو پرۆلیتارەکانی بەدی هێنا.

کەواتە ڕۆشنە کە هێزە بەرهەم هێنەرەکان تاکو ئێستا بەو پلەیە لەگەشەکردن نەگەیشتبوون کە بەئەندازەی پێویستی هەمووان بەرهەم بهێنرێ‌و ملکایەتی تایبەتی ببێ بەکۆسپێك‌و لەمپەرێکی گەشەکردنی ئەم هێزانە.

بەڵام ئێستا، گەشەکردنی پیشەسازی گەورە بەجێیەك گەیشتووەکە:

یەکەم: سەرمایەکان‌و گەشەی کەم وێنەو بێهاوتای هێزەکانی بەرهەم هێنانی بەدیهێناوە، هەرچی زیاتر هۆیەکانی گەشەکردنی ئەم هێزانەی زیاتر فەراهەم کردووە، تاهاتووە ئەم هێزانە:

دووەم: لەدەستی ژمارەیەکی کەم لەبۆرژواکاندا کۆبۆتەوەو زۆربەی هەرەزۆری خەڵك چوونەتە ڕیزی پرۆلیتاریاوەو بەهەمان ئەندازەی دەوڵەمەندبوونی زیاتری بۆرژواکان، هەژاریو نەداریو مەینەتییەکانیان زیادی کردووە.

سێیەم: پەرەسەندنی مەزنی ئەو هێزانەو گەشەی خێرایان لە چوارچێوەی ملکایەتی تایبەتیو ڕژێمی بۆرژوایی تێپەڕ کردووە، تائەو ئاستەی کەهەر ئانو ساتێك ئەم ڕژێمە کۆمەڵایەتییە دەکرێ لەگەڵ پشێوییەکی گەورە ڕووبەڕوو بێ.

ئێستا ئیتر لەنێوبردنی ملکایەتی تایبەتی نەك هەر کارێکە دەکرێ، بەڵکو بووە بەپێویستییەکی موتڵەق.

پرسیاری شازدەیەم/ ئایا دەکرێ ملکایەتی تایبەتی بەڕێگایەکی ئاشتیانە لەنێو ببرێ؟

وەلام/ زۆر باش بوو ئەگەر ئەمە ببوایە، بێگومان کۆمۆنیستەکان لەم حاڵەدا دوایین کەسانێکن کەناڕەزایەتی دەردەبڕن. کۆمۆنیستەکان زۆر بەباشی لەوە تێگەیشتوون کە هەموو پیلانگێڕییەکان نەك هەر بێسوودو بێکەڵکە، بگرە زیان بەخشە. ئەوان چاك دەزانن کەشۆڕشەکان لەخۆەو بەئەنقەست ڕوونادەن، بەڵکو لەهەموو کاتو شوێنێکدا زادەی لەچار نەهاتووی هەلومەرجێکە کەبەدەرە لەئیرادەو ڕێبەرایەتی حزبەکانو چینەکانە. بەڵام ئەوان دەبینن کەگەشەی پرولیتاریا بەشێوەیەکی درندانە لەهەموو وولاتانی موتەمەددندا سەرکوت دەکرێ، نەیارانی کۆمۆنیستەکان بەم کارەیان هەلومەرج بەرەو شۆڕش پاڵ پێوە دەنێن، ئەگەر پرۆلیتاریا، سەرنجام ناچارکرا کەشۆڕش بکا، ئەوکات کۆمۆنیستەکان، هەر وەکو چۆن ئێستا بەگوفتار دەیکەین بەکردەوەو بەرگری سەرسەختانە لەپرۆلیتاریا دەکەین.

پرسیاری هەڤدەیەم/ ئایا ملکایەتی تایبەتی بەیەك جار لەناو دەبرێ؟

وەلام: نەخێر، هەر وەکو چۆن گەشەی هێزە بەرهەم هێنەرەکان، تائەو ئاستەی کەملکایەتی هاوبەشی پێویست بێ. بەیەك جار نابێ، بەهەمان شێوە ملکایەتی تایبەتی بەیەك جار لەنێو ناچێ، شۆڕشی پرۆلیتاریا، کە ئەگەری

ڕوودانی نزیکە، تەنها دەتوانێت هەنگاو بەهەنگاو کۆمەڵگای ئێستا بگۆڕێ، وەناتوانێت ملکایەتی تایبەتی بەیەکجارەکی لەنێوبەرێ هەتاکو بڕی پێویستی هۆیەکانی بەرهەم هێنان بەدی دەهێنێ.

پرسیاری هەژدەهەم/ ڕەوتی گەشەکردنی ئەم شۆڕشە چۆن دەبێ؟

وەلام/ شۆڕش، بەر لەهەموو شتێك، دەستورێکی دیموکراتی بۆ دەوڵەت دادەنێ، وە بەم جۆرە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خۆی دەسەلاتی سیاسی پرۆلیتاریا دادەمەزرێنێ.

هەڵبەتە ڕاستەوخۆ لەئنگلتەرەدا کە پرۆلیتاریا زۆربەی خەڵك پێك دەهێنێ، وەناڕاستەخۆ لەفەرەنساو ئەڵمانیادا کەزۆربەی خەڵك هەم لەپرۆلیتارەکان پێك هاتووەو لەجووتیارانی بچوكو ئەو وورده بۆرژوایانەی کەهێشتا لەقۆناغی گۆڕاندان بۆ پرۆلیتارو تادێت زیاتر بەرژەوەندی سیاسیان بەجێبەجێبوونی بەرژەوەندی پرۆلیتاریاوە دەبەسترێتەوەو پێویستیان بەوە هەیە کەخێراتر داخوازییەکانی قبووڵ بکەن. جێبەجێ بوونی ئەمەش خەباتێکی نوێی پێویستە، بەلام حەتمەن بەسەرکەوتنی پرۆلیتاریا تەواو دەبێ.

دیموکراسیەت بۆ پرۆلیتاریا بێکەڵکە ئەگەر هەر ئێستا وەکو ئامرازێك بەکار نەهێنرێ بۆ هەنگاو هەڵگرتنی پێویست بەمەبەستی پاراستنی بوونی پرۆلیتاریاو ڕووبەڕوو بوونەوەی ملکایەتی تایبەتی.

ئەو هەنگاوانەی لەبارودۆخی ئێستادا بەناچاری خۆی سەپاندووەو گرنگترینیان پێك دەهێنن ئەمانەی خوارەوەن:

١-سنووردارکردنی ملکایەتی تایبەتی لەڕێگەی دانانی باجی ڕوولەسەرەوە وەدانانی باجی زۆر لەسەر میرات، هەڵوەشاندنەوەی مافی میراتگری فەرعی(مافی میراتی برا، برازا، ... تاد)و قەرزی زۆرە ملێو ... تاد.

٢-دەست بەسەراگرتنی هەنگاو بەهەنگاوی ملکایەتی لەخاوەن زەوییەکانو خاوەن کارخانەکانو خاوەنانی هێڵەکانی ئاسنو کۆمپانیاکانی هاتوچۆی دەریایی، ئەمەش هەندێکیان لەڕێگەی مل ملانێی کەرتی پیشەسازی تایبەت بەدەوڵەتو هەندێکی تریان ڕاستەوخۆ تەعویزیان پێبدرێ لەڕێگەی بەڵگەنامەی حکومەتییەوە.

٣-دەست بەسەراگرتنی ماڵو موڵکی هەموو کۆچکردووانو ئەوانەی لەئیرادەی زۆربەی خەڵك یاخی بوون.

٤-ڕێکخستنی کارو کارپێکردن بەکرێکاران لەدامەزراوە نیشتمانیو کارگەو وەرشەکاندا، کەئەمەش دەبێتە هۆی نەهێشتنی ڕقەبەری لەناو کرێکارانداو خاوەن کارخانەکان تائەوکاتەش کەماوون، ناچار دەکات کەئەو کرێ زۆرە بدەن کەدەوڵەت بەکرێکارانی دەدات.

٥- سەپاندنی کارکردن بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەموو تاکە کەسەکانی کۆمەڵدا تائەو کاتەی ملکایەتی تایبەتی بەتەواوی لەنێودەچێ بەپێکهێنانی لەشکری پیشەسازی بەتایبەتی لەبواری کشتوکاڵدا.

٦- کۆکردنەوەی بازرگانی داراییو سیستەمی قەرز لەدەستی دەوڵەتدا، ئەویش لەڕێگەی دامەزراندنی بانکێکی نیشتمانی بەسەرمایەی دەوڵەت، وە هەڵوەشاندنەوەی هەموو بانکە تایبەتییەکانو بۆرسەکان.

٧- زیادکردنی کارخانە نیشتمانییەکانو کارگە پیشەسازییەکانو هێڵەکانی ئاسنو کەشتییەکان، پاکسازی کردنی زەوییەکانو باشکردنی زیاتری ئەوانەی بەکەڵك هاتوون، ئەویش بەو ئەندازەیەی کەسەرمایە زیادی کردووەو کرێکاری پێویست لەبەردەست دایە.

٨- پەوەردەکردنی هەموو منالآن لەو ساتەوەی کەدەتوانرێ لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی دایك دا نەبن، ئەویش لەدامەزراوی نیشتمانی چاودێری کردندا لەسەر خەرجی دەوڵەت( لێك گرێدانی کاری پەروەردەو بەرهەم هێنانی پیشەسازی).

٩-دروست کردنی باڵەخانەی گەورە، لەملکە نیشتمانییەکانداو کردنی بەشوێنی نیشتەجێ بوونی تایبەت بەو هاووڵاتیانەی کە لەمەیدانی پیشەسازیو کشتوکاڵدا کاردەکەن، بەجۆرێك کە هەم باشییەکانی ژیانی شارو ژیانی لادێ پێکەوە کۆبکاتەوەو هەم لەکەمو کورِیو خراپی هەردووکیان بەدوور بێ.

١٠- رووخاندنی هەموو ئەو خانوو گەرِەکانەی کەخراپنو بۆ تەندروستی خراپن.

١١- یەکسانی منالآنی شەرعیو ناشەرعی لەمافی میراتدا.

١٢- کۆکردنەوەی هەموو بەرژەوەندییەکانی هاتوچۆ لەدەستی دەوڵەتدا.

ئەم هەنگاوانە بێگومان، بەیەکجار جێبەجێ نابن. بەڵام هەر یەکێك لەمانە بەزەرورەت ئەوی تر بەشوێن خۆیدا دەهێنێت. ئەگەر پرۆلیتاریا یەکەمین هێرشی ریشەیی کردە سەر ملکایەتی تایبەتی، ئەوکات دەبینێ کە ناچارە لەچوونە پێشەوەدا بەردەوام بێ تاسەرمایەو کشتوکاڵو پیشەسازیو هەموو هۆیەکانی ئاڵوگۆرِی بازرگانیو گواستنەوە لەژێر دەستی دەوڵەتدا کۆدەکاتەوە. ئەمە ئەو ئامانجەیە کەهەموو هەنگاوەکان رِووی تێدەکەنو قابیلی جێبەجێ بوونە، ئاکامەکانیشی زیاتر دەچەسپێ پێبەپێی کاری پرۆلیتاریا بۆ پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنانی وولآت.

وەکاتێك ، لەدوا ئەنجامدا، گشت سەرمایەکانو تەواوی بەرهەم هێنانو بازرگانی لەدەستی میللەتدا دەبێ، ملکایەتی تایبەتی لەخۆوە لەبەین دەچێو پارە هیچ گرنگییەکی نامێنێت، بەرهەم هێنان زیاد دەکات، خەڵك دەگاتە ئەو ئاستەی دوا پەیوەندییەکانی کۆمەڵی کۆن رابماڵێ.

**پرسیاری نۆزدەهەم: ئایا دەکرێ ئەم شۆرِشە بەتەنها لەیەك وولآتدا رِوو بدات؟**

وەڵام / نەخێر، پیشەسازی گەورە، کەبازارِێکی جیهانی دروست کردووە تەواوی خەڵکی دنیاو بەتایبەتی خەڵکی وولآتە پێشکەوتووەکانی لەیەك نزیك کردۆتەوە بەرِادەیەك کە خەڵکی هەر وولآتێك پابەندی رِووداوەکانی وولآتێکی ترە، سەرەرِای ئەوە گەشەی کۆمەڵایەتی لەهەموو وولآتە پێشکەوتووەکاندا یەکانگیر کردۆتەوە بەجۆرێك کە بۆرژوازیو پرۆلیتاریا لەهەموو ئەو وولآتانەدا دوو چینی سەرەکی ئەو کۆمەڵگایانەن، ململانێی نێوانیشیان بووە بەململانێی سەرەکی ئەم سەردەمە.

لەبەرئەوە شۆرِشی کۆمۆنیستی تەنها شۆرِشێکی نیشتمانی نابێ، بەڵکو لەیەك کاتدا لەهەموو وولآتە پێشکەوتووەکاندا، واتە لانی کەم لەئنگلتەرەو ئەمریکاو فەرەنساو ئەڵمانیادا، رِوودەدات.

گەشەی خێرا یان کەمێك هێواشی ئەم شۆرِشە لە هەریەك لەو وولآتانەدا بەستراوەتەوە بەوەی کە ئەو وولآتە تا چ رِادەیەك خاوەنی پیشەسازییەکی پێشکەوتووترو سامانێکی زیاترو هێزی بەرهەم هێنانی پەرەسەندووترە.

لەبەرئەوە ئەنجامدانی شۆرِش لەئەڵمانیادا لەوانی تر هێواش ترو نارِەحەت تر دەبێ، بەڵام لە ئینگلتەرەدا لە هەمووان خێراترو ئاسان تر.

ئەم شۆرِشە کاریگەرییەکی مەزن لەسەر وولآتانی تری دنیا دادەنێتو شێوەی گەشەکردنی ئێستایان بەتەواوی دەگۆرِێ، ئەمە شۆرِشێکی جیهانییەو چوارچێوەکەشی هەموو جیهان دەگرێتەوە.

**پرسیاری بیستەم: ئاکامەکانی لەنێوبردنی یەکجاری موڵکایەتی تایبەتی چی ئەبێت؟**

وەڵام/ کۆمەڵگا، کاتێك مافی بەکارهێنانی هەموو هێزە بەرهەم هێنەرەکانو هەموو هۆیەکانی گواستنەوەو ئاڵوگۆرِ پێکردنی بەرهەمەکانو دابەشکردنی لە سەرمایەدارەکان دەسەنێتەوە. وەبەپێی نەخشەیەکی دیاریکراو توانایيو پێویستییەکانی ئەندامەکانی بەرِێوەی دەبات، ئەوکاتە، بەپلەی یەکەم، هەموو ئاکامە زیانبارەکانی ئەو رِژێمەی ئێستا کۆنترۆڵی پیشەسازی گەورەی کردووە، لەنێو دەبات.

قەیرانەکان نامێنن، بەرهەم هێنانی فراوان ـ کە لە واقعدا ئێستا لەم کۆمەڵگایەدا بووە بە زێدە بەرهەمو سەرچاوەیەکی هەژاری، ئیتر بەشی پێویستییەکانی ناکاتو دەبێ هەرچی زیاتر فراوان بکرێتەوە. بەرهەم هێنانی زیاد لەپێویستییەکانی کۆمەڵ نەك جێتر نابێت بە سەرچاوەی هەژاری، بەڵکو وەڵام بەپێویستییەکانی هەمووان دەداتەوە، تەنانەت دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پێویستی تازەو هۆیەکانی وەڵام پێدانەوەی، وەبەم جۆرە ئەمە دەبێت بەمەرجێكو هۆیەکی هەر پێشکەوتنێکی تازە، بەپێچەوانەی ئێستاوە کە دەبێت بەهۆی گەورەترین شێوی کۆمەڵایەتی.

هەروەها پیشەسازی گەورە، دوای ڕزگاربوونی لەچنگالی ملکایەتی تایبەتی بەجۆرێك گەشە دەكات كە فراوانییەكەی بەبەراوورد لەگەڵ ئێستادا وەكو فراوانی ئێستای پیشەسازی گەورە دەبێت بەبەراوورد لەگەڵ مانیفاكتۆرەدا، ئەم گەشەیەی پیشەسازی بەرهەمەكان بەبڕێكی وا دەخاتە كۆمەڵگاوە كەبەشی پێویستییەكانی هەمووان دەكات.

هەروەها كشتوكاڵ ـ كە ڕژێمی مولكایەتی تایبەتیو بەش بەش كردنی زەوی بێبەش دەكات لەچاكسازییەكانو دۆزینەوە زانستییەكان ـــ گەشەیەكی نوێ بەخۆیەوە دەبینێو بەروبوومی زیاد لەپێویست پێشكەش بەكۆمەڵگا دەكات. بەم جۆرە كۆمەڵ بەرهەمەكانی بەئەندازەیەكە كە دەتوانێت لەدابەش كردندا هەموو پێویستی ئەندامەكانی دابین بكات. وەبەم شێوەیە دابەشبوونی كۆمەڵ بەسەر چینە جیاوازو دژبەیەكەكاندا نەك هەر زیادەیە بەڵكو بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ڕژێمی كۆمەڵایەتی نوێدا ناگونجێ: چینەكان لەكار دابەشكردنەوە سەریان هەڵداوەو، كار دابەشكردن، بەم شكڵەی ئێستای، بەتەواوی لەنێودەچێت. بۆ گەیشتن بەو ئاستە لەبەرهەم هێنانی پیشەسازیو كشتوكاڵی كە ئاماژەمان پێكرد، هۆیە میكانیكیو كیمیاوییە یاریدەدەرەكان بەتەنها بەش ناكات، بەڵكو دەبێ تواناكانی ئەو كەسانەی كە ئەو هۆیانە بەكاردەهێنن بەهەمان ڕێژە گەشەكردووبێ. هەر وەكو چۆن جووتیارەكانو كرێكارانی مانیفاكتۆرە، لەسەدەی پێشوودا، هەموو شێوەی ژیانی خۆیان گۆڕیو خۆشیان بۆ خەڵكی زۆر جیاوازتر، دوای ئەوەی ئاوێتەی پیشەسازی گەورە بوون، ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهات، بەهەمان شێوە بەڕێوەبردنی هاوبەشی بەرهەم هێنان لەلایەن گشت كۆمەڵگاوەو گەشەی نوێی بەرهەم هێنان پێویستی بەهێزی ئینسانی نوێ هەیەو سەرەنجام ئەم هێزەش دەخوڵقێنێ.

ناكرێ بەڕێوەبردنی هاوبەشی بەرهەم هێنان لەلایەن خەڵكانێكەوە بەڕێوەبچێ، وەكو ئەمانەی ئێستا، كە هەریەك بەجیا لەوی‌تر ملكەچی تاكە لقێكی بەرهەم هێنان بێو پێوەی بەستراببێتەوەو بەهۆیەوە بچەوسێتەوە، وەتەنها بەشێك لەتواناكانی خۆیان، لەسەر حسابی ووزەو تواناكانی تریان، گەشە پێبدەن، كەسانێك كە تەنها یەك لقی بەرهەم هێنان یان بەشی لقێكی دیاریكراو دەناسن، ئەوەتا هەر ئەم پیشەسازییەی ئێستا پێویستی بەم جۆرە كەسانە تابێت كەم دەبێتەوە.

ئەو پیشەسازییەی كە كۆمەڵ نەخشەی بۆ دەكێشێو بەشێوەیەكی هاوبەش بەڕێوەی دەبات، پێویستی بەكەسانێكە كە تواناكانیان هەمەلایەنە گەشەبكاتو بەسەرگشت ماشێنی بەرهەم هێناندا دەسەڵاتیان هەبێ، كار دابەشكەران، كە گەشەو چوونە پێشەوەی ئامێرەكان بێپایەی كردووە، كە كەسێكی دەكرد بەجووتیارو یەكێكی تر بەپێڵاو دروو. ئەوی‌تر بەكرێكارێكی پیشەسازیو یەكێكی تر بەدەلالی بۆرسەكان بەتەواوی لەنێو دەچێ. پەروەردەكردنو فێركردنی بەخێرایی ئەو توانایە ئەدات بەلاوان كە لەهەموو سیستمی بەرهەم هێناندا شارەزابن، ئامادەیان دەكات تاكو لەلقێكی پیشەسازییەوە بەپێی پێویستییەكانی كۆمەڵ یان بەپێی مەیلو ئارەزووی خۆیان، بچنە لقێكی تر، وە بەم شێوەیە ئەوانە لەسیفەتی یەك لایەنە، كە كار دابەشكردنی ئێستا سەپاندوویەتی بەسەر هەر كەسێكدا ڕزگار دەكات بەم جۆرە كۆمەڵێك كە لەسەر پایەیەكی كۆمۆنیستی ڕێكخراوە، فرسەتی ئەوە دەخوڵقێنێ بۆ ئەندامەكانی خۆی تاكو كەڵك لەتوانا هەمە لایەنەو گەشەكردووەكانیان وەربگرن، وە هەر لەبەرئەمانە چینە جیاوازەكان بەشێوەیەكی حەتمی لەنێودەچن، وە كۆمەڵگایەك كە بەشێوەیەكی كۆمۆنیستی ڕێكخرابێ، لەلایەك لەگەڵ بوونو مانەوەی چینەكاندا ناگونجێ، لەلایەكی ترەوە، وەلەهەمان كاتدا هۆیەكانی لەنێوبردنی ئەو جیاوازییە چینایەتیانەش بەدەستەوە دەگرێت.

وە لە ئاكامی ئەمەشدا، ناكۆكی نێوان شارو لادێ كۆتایی پێدێ، ئەنجامدانی كاری كشتوكاڵو كاری پیشەسازی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئینسانەكانەوە، نەك ئەنجامدانی لەڕێگەی دوو چینی جیاوازەوە، لەبەر چەند هۆیەكی ماددی تەواو، یەكێك لە مەرجە پێویستییەكانی تەكامولی كۆمۆنیستی. پەرتەوازە كردنی خەڵكێك كە لەمەیدانی كشتوكاڵدا لەلادێكاندا خەریكی كاركردنن لەگەڵ كۆكردنەوەی كرێكارانی پیشەسازی لە شارە گەورەكاندا هەڵو مەرجێكە كەتەنها لەگەڵ قۆناغێكی نزمی كەرتی پیشەسازیو كشتوكاڵدا دەگونجێو هەر ئێستاش بەرۆشنی دەركەوتووە كە كۆسپێكەو ڕێگری هەموو جۆرە پەرەسەندنێكە لەداهاتوودا. هاوكاری هاوبەشی هەموو ئەندامانی كۆمەڵ بۆ سوود وەرگرتنی گشتیو هاوبەش لەهێزە بەرهەم هێنەرەكان، فراوانكردنەوەی بەرهەم هێنانی تائاستی وەلام دانەوە بەپێویستییەكانی هەمووان، كۆتایی هێنان بەو بارودۆخەی كە بەشێك لە پێویستییەكانی خۆی لەسەر حسابی بەشێكی‌تر دابین دەكرد، لەناو بردنی چینەكانو ناكۆكی نێوانیان، گەشەپێدانی ووزەو توانا هەمەلایەنەكانی هەموو ئەندامانی كۆمەڵ لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی كار دابەش كردنی ئێستاو پەروەدەكردنی پیشەسازییەوە، وە لەڕێگەی ئاڵوگۆڕ پێكردنی كارەكانو كەڵك وەرگرتنی هاوبەشی هەمووان لە بەرووبوومە بەرهەم هێنراوەكان، وەئاوێتە بوونی شارو لادێو لەبەین چوونیان، ئەمانە ئاكامە ڕاستەخۆو بنچینەییەكانی لەنێو بردنی ملكایەتی تایبەتییە.

**پرسیاری بیستو یەك: ڕژێمی كۆمۆنیستی چ كاریگەیەك لەسەر خێزان دادەنێ؟**

وەڵام/ پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە دەکات بەپەیوەندیەکی خصوصیو تەنها تایبەت بەخۆیانو کۆمەڵگا مافی ئەوەی نییە تەدەخولی تێدابکات. ڕژێمی کۆمۆنیستی دەتوانێت ئەمە بکات چونکە موڵکایەتی تایبەتی هەڵدەوەشێنێتەوە، منالآن بەشێوەیەکی هاوبەش پەروەردە دەکاتو بەم جۆرەش دوو کۆڵەکەی خێزانی ئێستا کەبەهۆی موڵکایەتی تایبەتی‌یەوە پەیدابوون، تێك دەشکێنێ ئەمەش واتە: وابەستەیی ژنان بەپیاوانەوە، وابەستەیی منالآن بەدایكو باوکەوە.

وەڵام بەو هاتو هاوارو ئیدیعایەی ئەخلاق پەرستە بۆرژوازی‌یە کورت بینەکان دژی هاوبەشێتی ژنان دەیکەن کە گوایە لەکۆمۆنیزمدا هەیە، ئالێرەدایە. لەواقعدا هاوبەشێتی ژنان پەیوەندی‌یەکە لە هەناوی کۆمەڵگای بۆرژوایی خۆیدایەو ئەمڕۆ بەتەواوی لەشکڵی لەش فرۆشی‌دا بەدی دەکرێ. بەڵام لەش فرۆشی بناغەکەی موڵکایەتی تایبەتی‌یەو بەلەنێوچوونی ئەمە ئەویش لەنێو دەچێت. کەواتە رژێمی کۆمۆنیستی هاوبەشێتی ژنان هەڵدەوەشێنێتەوە لەبری ئەوەی دایبمەزرێنێ.

پرسیاری بیستو دوو: هەڵوێستی ڕژێمی کۆمۆنیستی دەربارەی نەتەوەکان چی‌یە؟ (٧)

پرسیاری بیستو سێ: هەڵوێستی رژێمی کۆمۆنیستی بەرامبەر دینەکان چۆنە؟ (٨)

پرسیاری بیستو چوار: جیاوازی کۆمۆنیستەکان لە سۆسیالیستەکان چی‌یە؟

وەڵام/ ئەوانەی ئێستا بەسۆسیالیستەکان ناسراون دەبن بەسێ بەشەوە:

یەکەمیان ئەوانەن کە لایەنگری کۆمەڵگای دەرەبەگیو پاتریاکی دەکەن، کۆمەڵێك کە ڕۆژانە پیشەسازی گەورەو بازرگانی جیهانیو کۆمەڵی بۆرژوایی لەدایك بوو بەهۆی ئەم دووانەوە، لەنێوی دەبات. ئەم بەشە کاتێك خراپەکاریەکانی کۆمەڵگای ئێستا دەبینێ، دەگات بەو ئاکامەی کە دەبێت کۆمەڵگای دەرەبەگی سەر لەنوێ ڕێك بخرێتەوە بەو دەلیلەی ئەو خراپیانەی نەبووە. تەواوی پێشنیارەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەخزمەتی ئەم ئامانجەدایە. کۆمۆنیستەکان زۆر بەتوندی هێرش دەکەنە سەر ئەم بەشە لەسۆسیالیستە کۆنەپەرستەکان هەرچەندە کەئەوان فرمێسکی گەرمیش بۆ هەژاریو نەهامەتی‌یەکان برۆلیتاریا بڕێژن، چونکە ئەم بەشە:

١-کارێکی مەحاڵ داوا دەکات.

٢-هەوڵدەدات ئەریستۆکراسیو دەسەڵاتی خاوەن کۆمەڵەی پیشە گەورەکانو خاوەن مانیفاکتۆرەکانو لەپەیوەند بەمانەیشەوە دەسەڵاتی ڕەهای پاشاکان یان دەرەبەگەکان، کارمەندانو سەربازانو قەشەکان، بگەڕێنێتەوە.

واتە گەڕانەوەی فعلی کۆمەڵێك کە خراپەکانی کۆمەڵی ئێستای تێدا نەبێ، بەڵام هاوکات پڕە لەو خراپی‌یانەی کە لانی کەم لەمانی ئێستا هیچی کەمتر نی‌یە، وەبەم جۆرەش فرسەت نەدەن بەکرێکارانی چەوساوەو تاکو بەهۆی کۆمۆنیزمەوە ڕزگاریان بێ.

نیەتە ڕاستەقینەکانیان کاتێك ئاشکرا دەبێ کەپرۆلیتاری شۆڕگێڕ بێو کۆمۆنیست بێ، ئەو کات ڕاستەوخۆ دەبن بەهاوپەیمانی بۆرژوازی دژی پرۆلیتاریا.

بەشی دووەمی ئەم سۆشیالیستانە ئەوانەن کە لایەنگری کۆمەڵگای ئێستا دەکەن، بەڵام ترسی ئەوەیان لێنیشتووە کەئەم کۆمەڵگایەیان ، کە بەناچاری پڕە لە خراپەکاری، بۆ نەپارێزرێ. ئەوان تێدەکۆشن لەپێناوی مانەوەی‌دا، بەڵام دەیانەوێ خراپەکانی نەهێڵن. بۆ ئەم ئامانجەش هەندێکیان برێك ڕێوشوێنی خێرخوازانە پێشنیاردەکەن، هەندێکی تریان بەرنامەی‌تر یان بەرنامەی چاکسازی گەورە ئامادەدەکەنو لەژێر ناوی کۆمەڵدا پێشنیاری دەکەن بەو ئامانجەی کۆمەڵی ئێستا بپارێزنو بنچینەکانی زیاتر سەقامگیر بکەن.

کۆمۆنیستەکان ئەرکیانە بەردەوام دژی ئەم بۆرژوا سۆسیالیستانە بجەنگن چونکە ئەوان لەبەرژەوەندی دوژمنانی کۆمۆنیستەکان کاردەکەنو ئەو کۆمەڵگایە دەپارێزن کە کۆمۆنیستەکان دەیانەوێ بیڕووخێنن.

بەشی سێیەمیان لەو سۆشیال دیموکراتانە پێك هاتوون کە وەکو کۆمۆنیستەکان داوای ئەو داخوازیو ڕێو شوێنانە دەکەن کە لەپرسیاری ژمارە (١٨) دا هاتووە، بەڵام ئەو نابینن کە ئەمانە هۆیەکی گواستنەوەن بەرەو کۆمۆنیزم، بەڵکو پێیان وایە کە ئەمە بەسە بۆ ئەوەی هەژاریو خراپەکانی کۆمەڵی ئێستا لەناوبەرێ.

ئەم سۆشیال دیموکراتانە یان ئەو پرۆلیتارانەن کەهێشتا بەهەلو مەرجی رزگار بوونی چینەکەی خۆیان هۆشیار نەبوونەتەوە، یان نوێنەرانی ووردە بۆژوازین، واتە نوێنەرانی ئەو چینەی کە لەزۆر بواردا تاگەیشتن بەدیموکراسیو ئەو هەنگاوە سۆسیالیستیانەی بەشوێن ئەمەدا هەڵدەگیرێ لەگەڵ پرۆلیتاریادا هەمان بەرژەوەندی هەیە.

لەبەرئەوە کۆمۆنیستەکان ئەرکیانە، لە خەباتی عەمەلیدا، تێبکۆشن بۆ لێك گەیشتن لەگەڵ ئەم سۆشیاڵ دیموکراتانەداو پێکەوە، تائەو کاتەی ئەم کارە دەکرێ، سیاسەتێکی هاوبەشیان هەبێ، مادام کەئەم سۆسیالیستانە خزمەت بە بۆرژوازی دەسەڵاتدار ناکەنو هێرش ناکەنە سەر کۆمۆنیستەکان. هەڵبەت ئەم خەباتە هاوبەشانە، ئاشکرایە کە گفتوگۆ دەربارەی ناکۆکییەکان لەگەڵ ئەواندا ڕەت ناکاتەوە.

**پرسیاری بیستو پێنج: هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان دەربارەی حزبە سیاسییە هاوچەرخەکان چۆنە؟**

وەڵام/ ئەم هەڵوێستە لەووڵاتە جیاوازەکاندا وەك یەك نییە. لەئینگلتەرەو فەرەنساو بەلجیکادا کە بۆرژوازی دەسەڵاتدارە هێشتا کۆمۆنیستەکان بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ حزبە دیموکراتییە جیاوەزەکاندا. بەو ڕادەیەی کە دیموکراتەکان لەئامانجی کۆمۆنیستی بەبەرگری کردنیان لە هەنگاوە سۆسیالیستییەکان کە تا ئێستا لەهەموو جێگاکاندا پارێزگاری لێدەکەن، نزیك دەبنەوە، واتە ئەوان بەو ئەندازەیەی دیفاعێکی ڕۆشنو شێلگیر لەبەرژەوەندییەکانی پرۆلیتایریا دەکەنو پشت بە پرۆلیتاریا دەبەستن، فراوانتر دەبێ.

لەئنگلتەرە، بۆ نمونە، چارتیستەکان، کە لە کرێکاران پێك هاتوون، لەکۆمۆنیستەکان نزیکترن وەك لە ووردە بۆرژوا دیموکراتەکان یان ئەوانی بەڕادیکاڵەکان ناو دەبرێن.

لەئەمریکا، کە دەستوورێکی دیموکراتی پەیڕەوی لێدەکرێ، کۆمۆنیستەکان دەبێ پشتگیری لەو حزبە بکەن کە ئەم دەستوورە دژی بۆرژوازیو بۆ پەرژەوەندی پرۆلیتاریا بەکار دەهێنێ، واتە کۆمەڵەی ڕیفۆرمی کشتوکاڵی نیشتمانی.

وە لەسویسرا، سەرەڕای ئەوەی ڕادیکاڵەکان خۆیان حزبێکی تێکەڵەن، ئەوان تەنها لایەنێکن کەکۆمۆنیستەکان دەتوانن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. پێشکەوتووترینیشیان ڕادیکاڵەکانی((فودوا))و ((جنیف))ە وەلەئەڵانیا، خۆئامادەکردن بۆ جەنگی یەکجارەکی لەنێوان بۆرژوازیو پاشایەتی ڕەهادا بەڕێوەیە. وە لەبەرئەوەی کۆمۆنیستەکان ناتوانن شەڕی کۆتایی خۆیان لەگەڵ بۆرژوازیدا یەکلایی بکەنەوە چونکە هێشتا دەسەڵاتی بەدەستەوە نییە، کەواتە لەبەرژەوەندی ئەواندایە کەیارمەتی بۆرژوازی بدەن تا لەنزیکترین ماوەدا دەسەڵات بگرێتە دەستو دواتر لەخێراترین کاتدا ئەو دەسەڵاتە بڕووخێنن، بەم پێیە کۆمۆنیستەکان، لەهەڵوێستیاندا بەرامبەر حکومەتەکان، پێویستە پشتگیری بەردەوام لەحزبی بۆرژوا ــ لیبراڵەکان بکەن بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوەبن نابێ لەخۆشباوەڕییەکانی بۆرژوازیدا بەشداربن، یان باوەڕ بەو بەڵێنە فریوکاریانە بهێنن کە گوایە سەرکەوتنی بۆرژوازی دەرمانێکە بۆ پرۆلیتاریا.

ئەو چاکسازییانەی کە سەرکەوتنی بۆرژوازی بۆ کۆمۆنیستەکان بەدی دەهێنێ لەمانە تێپەڕ نابێ:

بەدەست هێنانی هەندێك دەسکەوت کە کارئاسانی بۆ کۆمۆنیستەکان بەدی دەهێنێ، تاکو دەربارەی باوەڕەکانیان گفتوگۆ بکەنو بڵاوی بکەنەوەو پارێزگاری لێبکەن بەشێوەیەك کە بتوانن پرۆلیتاریا لەچینێکی یەکانگیردا، ڕێکخراوو ئامادە بۆ خەبات، یەك بخەن.

هەموو لایەك دڵنیا دەکا کە ململانێی نێوان بۆرژوازیو پرۆلیتاریا لەو ڕۆژەوە دەست پێدەکات کە حکومەتە ڕەهاکانی دەڕووخێن، لەو ڕۆژەوە ئیتر سیاسەتی حزبی کۆمۆنیست هەر ئەو سیاسەتەیە کە لەو ووڵاتاندا کە بۆرژوازی حوکمی دەکات، پەیڕەوی لێدەکرێ!.

---

## پەراوێزەکان

١. "پرەنسیبەکانی کۆمۆنیزم" لەلایەن ئەنگلسەوە لەساڵی ١٨٤٧ دا نوسراوە. زیاتر لەساڵێك دەبوو لەنێو "یەکێتی کۆمۆنیستەکاندا" گفتوگۆیەکی حزبی گەرم دەربارەی بەرنامەی کۆمۆنیستەکان لەئارادابوو. سەرەتا ئەنگلس دەورێکی سەرەکی گێڕا لەئامادەکردنی پڕۆژەیەکی سەرەتایی بەرنامەدا بەناوی "پڕۆژەی قبووڵکردنی باوەڕی کۆمۆنیزم"، ئەم پڕۆژەیە بەخەتی ئەنگلس لەمانگی حوزەیرانی ١٨٤٧دا نوسرابوو وەلەساڵی ١٩٦٨دا بۆ یەکەم جار دۆزرایەوە. هەروەها لەدرێژەی هەوڵەکانی ئەنگلسدا بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی حزبی کۆمۆنیستی، لەکۆمیتەی پاریسی یەکێتییەکەدا لە ٢٢ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا ئەنگلس دوای رەخنەیەکی هەمەلایەنەو قووڵ لەپڕۆژەی بەرنامەی "سۆسیالیستە راستەقینەکان" بۆ جاری دووهەم پڕۆژەی بەرنامەیەکی تری نووسی کەدواتر بە"پرەنسیبەکانی کۆمۆنیزم"ناوی دەرکرد. لەکۆنگرەی دووهەمی یەکێتی کۆمۆنیستەکاندا لە ٢٩ی نۆڤەمبەر تا ٨ی دێسەمبەری ١٨٤٧دا مارکسو ئەنگلس بەباوەڕێکی تەواوەوە دیفاعیان کرد لەباوەڕە سەرەکییە زانستییەکانی پڕۆژەی"پرەنسیبەکانی کۆمۆنیزم"و دوای ئەوەش کۆنگرە لەسەر ئەو بنەمایەوە ئەرکی داڕشتنی بەرنامەیەکی حزبی گشتیو هەمەلایەنەی پێسپاردن، کەئەوەبوو لەساڵی ١٨٤٨دا "مانیفێستی کۆمۆنیست" یان نوسیو بوو بە بەرنامەی حزبی یەکێتی کۆمۆنیستەکان.

ئەم وەرگێڕانە پشتی بەستووە بە وەرگێڕانە عەرەبییەکەیو بۆ وەرگێڕانێکی دەقیقتریش لەگەڵ وەرگێڕانە فارسیو ئینگلیزییەکەیدا بەراوردکراوە. بۆ یەکەم جار ئەم نووسینەی ئەنگلس لەپەیامی ژمارە (١٨و ١٩و ٢٠و ٢١) دا بڵاوکرایەوە.

٢. دواتر مارکس بەشێوەیەکی زانستی ئەوەی روونکردەوە کەکرێکار هێزی کاری خۆی بەبۆرژوازی دەفرۆشێ نەك کارەکەی.

٣. تەئکیدەکان هی ئەنگلس خۆیەتی.

٤. کۆیلەیەتی لەئەمریکا دوای جەنگە ناوخۆییەکانی ئەو وولاتە لە ١٨٧٣ دا هەڵوەشایەوە.

٥. کۆیلەی زەوی( القن یان serf ) بەو کەسانە دەووترێ کەبە هۆی گەشەی ملکایەتی تایبەتیو کاری کشتوکاڵیەوە بەزەوییەوە بەسترابوونەوە بەجۆرێك کە لەگەڵ کڕینو فرۆشتنی زەوییەکاندا ئەوانیش دەفرۆشرانو دەکڕدران.

٦. لەدەستنووسەکەی ئەنگلسدا وەڵامی ئەم پرسیارە نیو لاپەڕەیەکی بۆ بەجێهێڵراوەو وەڵام نەدراوەتەوە .بەڵام لەنوسینی"پرۆژەی قبووڵکردنی باوەڕی کۆمۆنیزم"دا بەم شێوەیە وەڵامی ئەم پرسیارە دراوەتەوە:

"ئەوەی کەبە پیشەگەر ناودەبرێو لەسەدەی رابردوودا لەهەموو شوێنێکدا ناسراوبوو وە تاکو ئێستاش لێرەو لەوێ بوونی هەیە، بەپێچەوانەی پرۆلیتاریاوە، خۆی پرۆلیتارێکی کاتییە، ئامانجەکەی ئەوەیە کەدەستی بگات بەسەرمایەیەكو کرێکارانی تری پێبچەوسێنێتەوە. ئەو کاتانەی کەکۆمەڵە پیشەییەکان هەبوونو ئازادی پیشەییو دەرچوون لەقەیدو بەندی کۆمەڵەکان نەگەیشتبووە ئاستی جێبەجێکردنی سیستمی فابریکیو ململانێی توندوتیژ، دەکرا ئەم ئامانجەی خۆی بەدی بهێنێ. بەڵام هەر کەسیستمی فابریکی پیشەکان دەگرێتەوەو ململانێ گەشەدەکات، ئەو هیوایەی لەبەین دەچێو پیشەگەر هەرچی زیاتر دەبێت بەپرۆلیتار. کەواتە پیشەگەر خۆی ئازاد دەکات یان بەوەی ببێ بەبۆرژوازی، یان بچێتە ریزی توێژی مامناوەندییەوە، یاخود لەژێر کاریگەرییەکانی ململانێدا ببێت بەپرۆلیتارو( هەروەکو زۆر جار ئەمە روودەدات)و بێتە ریزی بزووتنەوەی پرۆلیتاریاوە، یا بزووتنەوەی کۆمۆنیستییەوە بەهەموو ئاستە جیاوازەکانی هۆشیاری ئەو بزووتنەوەیەوە

٧. وەڵامی ئەم پرسیارە بۆشایی بۆ بەجێ هێڵراوە. بەڵام لە"پرۆژەی قبووڵ کردنی باوەڕی کۆمۆنیزم" دا بەم جۆرە وەڵام دراوەتەوە:

"ئەو نەتەوانەی کە پابەندبن بەباوەڕی سۆشیالیستییەوە، بەهۆی ئەم یەکێتییەوە لەپێویستی ئاوێتەبوونی یەکترو هەڵوەشانەوەی خۆیان تێدەگەن، بەو ئەندازەیەی کەجیاوازی نێوان چینەکانو توێژەکان لەبەین دەچێ، ئەو جیاوازیانەی کەبەهۆی موڵکایەتی تایبەتییەوە بەدی هاتوون لەگەڵیدا لەنێو دەچن.

٨. لە"پرۆژەی قبووڵکردنی باوەڕی کۆمۆنیزم"داوەڵام دراوەتەوە:

"تەواوی دینەکانی تائێستا دەربڕینی قۆناغەکانی گەشەی مێژوویی گەلێکی دیاریکراو یان گەلە جیاوزەکان بوون. بەڵام کۆمۆنیزم ئەو قۆناغەیە لەگەشەکردنی مێژوویی کەگرنگیو پێویستی هەموو دینەکان ناهێڵێو هەڵیدەوەشێنێتەوە.